وەزیری داد و کاربەدەستی باڵیۆزخانەی ئەمریکا تاوتوێی هاوکاریی یاسایی و دادوەری دەکەن

ئەمڕۆ چوارشەممە، خالید شوانی وەزیری داد، لەگەڵ هاریس، کاربەدەستی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، تاوتوێی هاوکاریی یاسایی و دادیی نێوان هەردوو وڵاتی کرد.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا کە بە ئاژانسی هەواڵی موتەرجەم نارددووە، دەڵێت: "خالید شوانی وەزیری داد، لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی کرد لە هاریس، کاربەدەستی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا".

ئاماژەی بەوەشکرد: "لە دیدارەکەدا تاوتوێی پەیگاکانی بەهێزکردنی هاوکاریی دووقۆڵی نێوان کۆماری عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بوارەکانی یاسایی و دادوەریدا کرا".